www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 31-7-2007 15:28

کۆستی شارێک... !! سەروەر کەریم

کۆمەڵگای کوردی هێندەی، کۆمەڵگایەکی بەرخۆری و تەقلیدییە بەقەدەر ئەوە خاوەنی خوێندنەوەیەکی لۆژیکی نییە بۆ دیاردەوە گۆڕانکاریەکان، ئەمەش وایکردوە بۆهەموو شتێك بەبی بیرکردنەوە بەردەوام سەمابکات بەبی ئەوەی لەسود، یان زیانی ئەو شتە بگات... دوای ئەوەی کە هەڵبژاردەی عێراق توانی جامی وڵاتانی ئاسیا بەدەست بهێنێت، کەشتێکی ئاساییە لایەنگرانی وەرزش خۆشحاڵ بن، تائێرە ئاساییە، بەڵام ئەوەی لەدوای تەواو بوونی یاریەکە لەسلێمانی ڕووی دا نەك ئاسایی نەبوو بگرە کارەساتیش بوو، بەمانایەکی تر دەتوانم بڵێم کۆستی سلێمانی بوو!

ڕەنگە خەڵکی پێیان سەیربێت کەدەڵێم کۆست بوو، بەدرێژایی مێژووی ئەم شارە ڕوژێك لەڕۆژان بەشان وباڵی عێراقی دا هەڵنەداوەو ئالای عێراقی بەئاهەنگ ڕانەشەکاندوە. بۆیە ئەوەی ڕووی دا جگە لەسوکایەتی و کۆست کەوتنی ئەشارە هیچ شتێکی ترنییە...

هەڵبەتە ئەمەش لەخۆڕاییە ئەو گەنجانە بەو شێوە فراوانە بێنە سەر شەقامەکان و سەمابکەن، کەدروست پێچەوانەی ئاکاری ئەم شارەیە. هەرکاتێك خەڵکی ئەشارە هاتبێتنە سەر شەقام ئەوە توڕەیی و ناڕەزایەتی و گیانی بەرەنگاری و یاخی بوون بووە بەڕووی زوڵم و زۆرو ستەمدا، بەڵام هاتنە شەرشەقامی ئەم جارە ڕێك ناشرین کردنی ئەم شارەبوو بەوەی کە ئەم شارە مرد. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆدەسەڵاتی کوردی و بزوتنەوەی کورایەتی، کەچۆن لەماوەی حاکمیەتیاندا، لەماوەی ئەم چەندسااڵەدا چون هەوڵیانداوە سیما جوانەکانی ڕوحی بەرەنگاری بکوژن و ئیرادە بە خەڵکی لەدەست بدەن و بەبی هودەیی و بێ هیواییان بسپێرن و بیانکەنە مرۆڤێکی بێهێزوو دەستەموو، کەدروست ئەمەخواستی دەسەڵاتە، بەتاییبەت بەرامبەر بەسلێمانی ئەوەش بەئاشکرا لە ئاکاری دەسەڵاتی کوردیدا دەبینرێت... لەماوەی ئەم چەندسااڵەدا هەڵێر دەبێتە شارو سلێمانی سیماکانی شاری لی دادەبڕێت، لەبەر ئەوەی هەموو دەسەڵاتەکانی عێراق بەگشتی و دەسەڵاتی کوریش بەتاییبەتی کار بەو چەمکە دەکەن سلێمانی ماری نووستوە بەس خەبەری بێتەوە ترسناکەو گۆڕانکاری ڕوودەدا. هەربۆیە بەتوندترین شێوە دژایەتی دەکراو ڕۆڵەکانی خەڵتانی خوێن دەکرا... سلێمانی هەزاران ڕۆڵەی خۆی کردەقوربانی کە ئەو ئالا شومەی عێرابەسەریا نەشەکێتەوە، وەلی بەداخەوە دوای ڕوخانی بەعس جارێکی تر لەسایەی دەسەڵاتی کوردایەتی دا گەنجەکانی سەما لەژێر ئەو ئالایەدا دەکەن و ئینتمای خۆیان بۆ عێراقی بوون دووپات دەکەنەوە... ئافەرین بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی کەچۆن سایکۆلۆژیای ئەم شارەتان وێران کرد، لەبەرەنگاریەوە بۆ تەسلیم بوون...

سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.